# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٥ – ٢٠٢٥
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. سالح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd　ISSN: 2520- 4106　هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان


* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن:
پەسەندکردن:

# پێوەرەکانی پۆلێنکردنی ستراتیژیی گوتار

م. ی. عدنان حمدامین یونس
بەشی کوردی
کۆلیژی زمان
زانکۆی سەلاحەدین
adnanshekhani2@gmail.com

پ. د. عبدالله حسین رسول
بەشی کوردی
کۆلیژ زمان
زانکۆی سەلاحەیدن
abdulla.raswl@su.edu.krd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە باسی ئەو پێوەرانە دەکات کە نێرەری گوتار دەبێت لە داڕشتنی ستراتیژییەکانی گوتاردا ڕەچاویان بکات. پێوەرەکان سێ پێوەری سەرەکین: پێوەری کۆمەڵایەتی، پێوەری زمانی و پێوەری ئامانجی گوتار. نێرەر هەر ستراتیژییەک هەڵبژێرێت؛ دەبێت ئەم پێوەرانە لەبەرچاو بگرێت، بۆ ئەوەی گوتارەکەی ئامانجەکانی بە باشی بپێکێت. بەشی یەکەم: لە پێوەری کۆمەڵایەتیدا باس لە بیردۆزە نوێیەکانی شێوازی گەیاندن و پەیوەندیی گوتار کراوە. لەم بارەیەوە بۆچوونەکانی پاول گرایس، ڕۆبین لاکۆف، جیوفری لیچ، پێنیلۆپ براون و ستێبگن لیڤنسۆن باس کراون، کە سنوور و شێوازی پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەنی گوتار دەستنیشان دەکەن. بەشی دووەم: باس لە پێوەری شێوەی گوتار دەکات، کە چ کاریگەرییەکی لە سەر هەڵبژاردنی ستراتیژیی گونجاو بۆ گوتار هەیە. ئەو ئاستانەی زمان کە نێرەر دەبێت بیانکاتە بنەما بۆ داڕشتنی ستراتیژییەکەی؛ باس کراون، وەک: ئاستەکانی وشەسازی، ڕۆنان، واتا، ئاستی دەنگی و ئاوازە. بەشی سێیەم: پێوەری ئامانجی گوتار، کە دەبێت نێرەر ئامانجێکی ڕوونی لە گوتارەکەیدا هەبێت، چونکە ئامانج کاریگەریی زۆری هەیە، ستراتیژییەکانیش بۆ ئەوەن کە گوتار بە سەرکەوتوویی ئامانجەکانی بپێکێت.

کلیلەوشە: گوتار، ستراتیژییەکانی گوتار، پێوەرەکانی ستراتیژی، بنەماکانی ڕێزداری، ئامانجەکانی گوتار

## پێشەکی

ستراتیژییەکانی گوتار یەکێکە لە بابەتە گرنگ و سەردەمییەکان، ئامادەکردن، یان پێشکەشکردنی گوتار. بە بێ بوونی ستراتیژیی دیاریکراو، نێرەر ناتوانێت مەبەستەکانی بگەیەنێتە وەرگر. جۆری ستراتیژییەکە دەوەستێتە سەر ڕەوتی ڕووداوی گوتار. ستراتیژییەکان جۆراوجۆن، لەوانە: ستراتیژییەکانی ئاراستەکردن، ئاماژەپێکردن، هاوسۆزی، ڕازیکردن و... لە هەڵبژاردنی هەر ستراتیژییەتێکدا نێرەر دەبێت ڕەچاوی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، زمانییەکان و ئامانجی گوتار بکات کە دەبنە پێوەری هەڵبژاردنی ستراتیژییەکان. ئەم توێژینەوەیە لە سنووری دارشتنی ستراتیژیی گوتاردایە، نموونەکانیش لە چوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستدان. گرنگیی دارشتنی ستراتیژیی گوتار ڕوون دەکاتەوە، ئەو پێوەرانە دەخاتە ڕوو کە پێویستن بۆ پەیڕەوکردنی هەر ستراتیژییەکی گوتار. ئامانجەکەی بەرچاوڕوونی و زانیارییەخشینە بە نێرەری گوتار، بۆ ئەوەی ئەو ڕەهەندانەی لە دەوروبەری گوتاردا پێویستن؛ لەبەرچاو بگیرێن. توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی "پەسنی شیکاری"دا ئەنجام دراوە، ئەو بنەمایانە خراونەتە ڕوو کە لە پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەنی گوتاردا پێویستن. جگە لە پێشەکی و ئەنجام، توێژینەوەکە لە سێ بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵبژاردنی ستراتیژیی گوتارە. لە بەشی دووەمدا پێوەرە زمانییەکان باس کراون. لە بەشی سێیەمدا پێوەری ئامانجی گوتار باس کراوە. مەبەست لە پێوەرەکانی دارشتنی ستراتیژییەکانی گوتار، نواندنی ستراتیژیی کردەوەی مرۆڤە، واتە: ڕەفتاری ئاراستەکراو، مەبەستدار، هۆشیارانە و کۆنترۆڵکراو. ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری لە جیهاندا. ستراتیژییەکان ئەم گۆڕانکارییانە دەهێننە ئارا، یان ڕێگری لە ڕوودانیان دەکەن. واتە ڕێگەی تایبەتن بۆ گۆڕینی بارودۆخی کردەکان، لە حاڵەتێکدا بۆ حاڵەتێکی تر. لە بەرانبەردا کردارەکان لەلایەن زانیارییە مەعریفییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، وەک: ئامانج و ئارەزووە بنەڕەتییەکان، خواستەکان و بڕیارەکان بۆ دۆخی کۆتایی وەک ئەوەی بکەر مەبەستیەتی(Van Dijk, Kintch١٩٨٣:٦٥) بۆ دارشتنی هەر ستراتیژییەکی گوتار، دەبێت ئەم پێوەرانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن:

- پێوەری کۆمەڵایەتی، واتە پەیوەندیی نێوان بەشداربووان.
- پێوەری زمانی، واتە شێوەی گوتار لە گەیاندنی مەبەستەکانی نێرەر بە ڕاستەوخۆ یان ئاماژەکردن.
- پێوەری ئامانجی گوتار (خیون ٢٠٢٢: ١٨)

### ١-١. پێوەری پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەنی گوتار

لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا چەندین جۆری پەیوەندی هەن. ئەم پەیوەندییانە لەوانەیە کۆمەڵایەتی، یان پەیوەندیی کارکردن، یان هەر جۆرە پەیوەندییەکی تر بن. پێشوەختە کار لە بەرهەمهێنانی گوتاردا دەکەن و دەبن بە توخمە کاریگەرەکانی ڕەوتی گوتار. واتە هەموو پەیوەندیکردنێک دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕەوتەوە. ڕەوتیش بریتی دەبێت لە جۆری پەیوەندیی نێوان تاکەکان: "بێگانەن، هاوڕێن، هاوپیشەن، کوڕ و باوکن..." بەمەش پەیوەندییەکانی دەرەوە و ناوەوەی ڕەوتی گوتار دیار دەکەون. پەیوەندیی ناوەوە: دەوەستێتە سەر کاتی ڕووداو و چۆنێتیی کارلێککردنی بەشداربووان. پەیوەندیی دەرەوە، بریتییە لە: زانیاریی پێشوەختەی هەر لایەنێکی گوتار لە سەر لایەنەکەی تر و هەڵسەنگاندنی

بارودۆخ (condition). لە هەموو بارودۆخێکیشدا نێرەر پێویستی بە ستراتیژیی تایبەت دەبێت، بۆ ئەوەی گونجانێک لە نێوان بەشداربووان و ڕەوت و باری بەرهەمهێنانی گوتاردا دروست بکات (خطابی ١٩٩١: ٣٠٢). پەیوەندیی نێوان بەشداربووانی گوتار لە سەر دوو ئاست دەوەستێت:

ئـ ئاستی پەیوەندیی ئاسۆیی: ئەم پەیوەندییە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە: ئایین: موسوڵمان، مەسیحی، جوولەکە و... ڕەگەز: نێر، مێ... تەمەن: منداڵ، گەورە، پیر و... پیشە: مامۆستا، قوتابی، ئەفسەر، کرێکار و... نەتەوە: کورد، عەرەب، فارس و... هەروەها چەندین پەیوەندیی تر دەگرێتەوە، وەک: باری کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی سۆزداری، هەژار و دەوڵەمەند و...

ب. ئاستی پەیوەندیی ستوونی: ئەم جۆرە پەیوەندییە لە پلە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەدا بەدیار دەکەوێت، پلەبەندی دەداتە تاکەکان، بە جۆرێک هەریەکە لە بەشداربووانی گوتار سەر بە پلەیەکن، چ پلەی کۆمەڵایەتی بێت، یان پلەی پیشەیی. دەبێت نێرەری گوتار ئەم ڕاستییە لە بارەی وەرگران و باری گوتارەوە بزانێت، دەبێت بزانێت کێ پلەی لە نێرەر بەرزتر و کێ لە هەمان پلەی نێرەرە و کێ پلەی نزمترە؟ (مطروش ٢٠١٩: ٤٣)

پەیوەندییەکان دابڕاو نین. دەکرێت لە هەر چوارچێوەیەکی پەیوەندیکردن (communication) دا هەردوو جۆری پەیوەندییەکە تێکەڵاو بن. لەوانەیە نێرەر لە پلەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا بێت، لەگەڵ وەرگردا هەمان ئایین یان پیشەیان هەبێت، یان جیاواز بن، چونکە جۆری پەیوەندییەکان بەناو یەکدا چوون و لە نێوان پلە کۆمەڵایەتییە نزم و بەرزەکاندا ڕیزبەندییەک پلەی بەیەکەوەبەستراو هەن کە تۆڕی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنن. بۆیە: هەریەکە لە بەشداربووانی گوتار دەکەوێتە پلەیەک و لەوانەیە ڕیزبەندییەکی نزمتر، یان بەرزتر، یان لەگەڵ لایەنەکەی تری گوتاردا هاوتای هەبێت. ئەم پەیوەندییانە نێرەر هان دەدەن بۆ دارشتنی ستراتیژییەکی گونجاو، لە ڕووی زمان و ڕەوت و باری بەرهەمهێنانەوە. بە فەرامۆشکردنی هەریەک لە پەیوەندییەکان، جۆری پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگریش دەگۆڕێت، لەوانەیە گوتارەکەی بچێتە چوارچێوەی بەکارهێنانی هێز، یان سەپاندنی دەسەڵاتەوە (الشهری ٢٠٠٤: ٨٩).

لە توێژینەوە نوێیەکانی زمانەوانیدا، بۆ دارشتنی ستراتیژیی گوتار و ئاخاوتن، توێژەران هەوڵیان داوە شێوەی پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگر لە یاساکانی گوتاردا جێگیر بکەن. سەرەڕای جۆراوجۆری و جیاوازیی توێژینەوەکان، زۆربەیان لە ژێر دیاردەی "ڕێزداری" (التأدب)دا جێگەیان دەبێتەوە. هەندێکیان لە گوتاردا ڕۆڵێکی گرنگیان بە یاساکان داوە، وەک: "لاکۆف". هەندێکی تر مەرجی یەکەمی بەرهەمهێنانی گوتاریان پێ دا، وەک: "لیچ". لەلای "براون و لیڤنسۆن" لە ڕێگەی هەندێک هێمای زمانی شێوەیەکی گشتییان پێ دراوە. ئەوەی هەموو ئەم توێژینەوانە کۆ دەکاتەوە، ئەوەیە کە خاڵی دەستپێکی هەموویان بنەماکانی هاریکاریی "گرایس"ە (راموس ٢٠١٤: ٨٤).

١- ٢. بنەماکانی هاریکاریی گرایس

گرایس گەیشتە ئەو بڕوایەی پێویستە سنوورێکی ژیربێژی (Logic) بۆ ئاخێوەر دابنرێت کە گوتارەکەی ڕێک بخات، بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاخاوتنەکە سەرکەوتوو بێت، بۆ ئەمەش چوار بنەمای بۆ ئاخاوتن داناوە. بنەماکان وەک چەند یاسایەکی ئاخاوتن ڕۆڵی گرنگیان هەیە

بۆ لێکدانەوەی ئاخاوتن و شیکردنەوەی گوتار. گرایس خۆی دان بەوەدا دەنێت کە ئەم بنەمایانە بنەمای کۆتایی نین، لەوانەیە بنەمای تر هەبێت وەک بنەمای: ڕەوشتی، کۆمەڵایەتی، زمانەوانی و جوانکاری. لەگەڵ ئەوەشدا بنەماکان بنەمای گرنگن. بە دارشتنی ئەم بنەمایانە، گرایس دەرگای ئەوەی کردەوە کە دەکرێت بنەماکان زیاد بکرێن یان ڕێک بخرێنەوە (Grice, ١٩٨٩: ٢٧).

لە شیکردنەوەی ئاخاوتندا گرایس ئەوە دەکاتە دەستپێک کە قسەکەران لە گفتوگۆکانی ڕۆژانـەدا پشت بە ڕەوشتی هـاریکـاری دەبـەسـتـن، ژیانی هەماهەنگیی ناو کۆمەڵگەش ئەو بنەمایە دەسەپێنێت. گرایس ئاماژە بەوە دەکات کە گفتوگۆ کردەیەکی هاریکارییە، هەر بەشداربوویەک تا ڕادەیـەک لە مەبەستێک یان مەبەستەکانی بەرانبەر تێدەگات. بە شێوەیەکی پەسەند ئاخێوەران هێڵی هاوبەشی پەیوەندیکردن دروست دەکەن و چارەسەری ئەو بابەتانە دەکەن کە بەلایانەوە گرنگە. ئەگەر ئەم هێڵە هاوبەشە بپچڕێت، گفتوگۆ کۆتایی دێت (Bach, Harnish١٩٧٩:١٠٤)

کەواتە گرایس لە بنەمای هاریکاریدا لێپێچینەوە لەوە دەکات کە ڕاستیی پەیوەندی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی چەند بنەمایەکی کۆمەڵایەتییەوە کە چالاکی گشتگیریان هەیە. بۆیە گرایس بڕیار دەدات کە چەند یاسایەکی ئاوەزی (mental) هەن؛ جێبەجێکردنیان لە هەر کردەیەکی پەیوەندیکردندا پێویستە. بەمە گرایس هـەوڵ دەدات کە بۆچوونە نەریتییەکانی ئۆستن پەیوەست بە مەرجەکانی خاوەندارێتی گوتار؛ شی بکاتەوە و ڕاست بکاتەوە. ئەم ڕاستکردنەوەیەی "کردەی قسەیی"، لە ڕەوتێکی تایبەتدا بەو یاسایانەوە دەبەستێتەوە کە دەست بەسەر گوتارێکی زارەکیدا دەگرن. هەر ڕەفتارێکی هاریکاریی مرۆییش بەرەو ئامانجێک ئاڕاستە دەکرێت (Grice ١٩٨٩:٤٥)

بنەماکانی هاریکاریی گرایس بۆ زنجیرەیەک لقی لاوەکی دابەش دەبێت، کە پێویستە ئاخێوەران پـەیـڕەوی بکەن ئـەگـەر بیانەوێت گوتارەکانیان کاریگەریی هەبێت. ئەم یاسایانە بۆ بەهێزکردنی ڕەوشـتـی هاریکاریی نـێوان نـێرەر و وەرگـر بە ستراتیژییەکانی هاریکاری دادەنرێن و یاساکان دەبن بە پلانی پێشوەختە بۆ نێرەر.

١-٢-١. یاساکانی ئاخاوتن

گـرایـس بنـەمـاکـانی بـە شـێـوەی فـەرمـانـدان دارشـتـووە، ئـەم شـێـوە فـەرمـاندانـە لـە کەسێکی دیاریکراوەوە بۆ کەسی بەرانبەری نییە، بەڵکوو ئاڕاستەی هەموو کۆمەڵگە و قسەکەران کراوە. شیلتۆن Chilton١٩٨٧) پێی وایە دیار نییە کێ فەرمان بە کێ دەکات و کێ ئەو یاسایانە دەسەپێنێت، بەڵکوو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژینگەی پەیوەندیکردن ئەو بنەمایانە بەسەر قسەکەراندا دەسەپێنن (ڕاموس، ٢٠١٤: ٨٣).

١-٢-١-١. بـنـەمـای چـەنـدێـتـی (maxim of quantity)

ئـ با قسەکانت ئەوەندە بن کە وەرگر پێویستیەتی.

ب. با زانیارییەکانت لە بڕی پێویست زیاتر نەبن.

گرایس پێی وایە بەشی دووەم ئەوە دەگرێتەوە کە هەندێک زانیاری هەن پێویست ناکات هەموویان بگوترێن، بۆ ئـەوەی گوێگر بیر بکاتەوە و خۆی ئەنجامێک بـەدەست بهێنێت. لـەوەشـدا ئـامـاژە بە ئەنجامی هەندێک چیرۆک و گێڕانەوە دەکات کە دەبێت وەرگـر خـۆی ئەنجامەکە هەڵبهێنجێت. هەروەها هەندێک هۆکاری تر هـەن، وەک: گوتنە تابۆکان، هەندێک هـەواڵ کە نابێت هەموو کەس

وردەكاریی بزانێت، هەندێک یاسای ڕەوشتی و كۆمەڵایەتی هەن كە دەبێت قسەكەر لەبەرچاویان بگرێت، ناكرێت لە هەموو بارودۆخێكدا بگوترێن (راموس ٢٠١٤: ٨٩).

١-٢-١-٢. بنەمای چۆنێتی (maxim of quality)

هەوڵ بدە كە گوتنەكانت ڕاست بن:

ئـ. ئەوە مەڵێ كە وا دەزانیت هەڵەیە.

ب. ئەوە مەڵێ كە ناتوانیت بیسەلمێنیت.

بە پێی ئـەم بنەمایە، شـاردنـەوەی ڕاستییەک بە درۆ دادەنرێت. لە دۆخی یەكەمدا لەوانەیە لە چەندێتیی هەواڵدا ڕووبەڕووی كێشەیەک ببینەوە، نەک چۆنێتییەكەی. درۆی بەمەبەست پێشێلكردنی بنەمای چۆنێتییە، چەندین هۆكار هەن كە درۆی تێدا دەكرێت، وەک: ئارەزووی قسەكەر، كە نایەوێت زانیارییەكان بە وردی و ڕوونی بگەیەنێت.

١-٢-١-٣. پەیوەندیدار بە (Be relevant)

ئـ. زانیارییەكانت پەیوەندیدار بن.

ب. لە دەربڕینە تەمومژاوییەكان دوور بكەوە.

گرایس پێی وایە ئەم بنەمایە گرنگیی كەمترە لە بنەماكانی تر، چونكە زیاتر پەیوەستە بەوەی چۆن گوتن دەردەبڕدرێت نەک چی دەگوترێت. گرنگی لە بنەمای چۆنێتی كەمترە، چونكە بنەماكە باس لە چۆنێتیی گوتن دەكات. لیچ پێی وایە هۆكارەكە ئەوەیە بنەمای شێواز سەر بە بنەمای هاریكاری نییە و زیاتر سـەر بە ڕەوانبێژیی دەقە (Grice ١٩٨٩:٢٧).

١-٢-١-٤. گونجان (manner)

ئـ. پابەند بە بەوەی گوتنەكانت گونجاو بن.

ب. ئەوە بڵێ كە سەرنجی گوێگر ڕابكێشیت، ئەوە بڵێ كە بەلایەوە گرنگە.

گرایس دان بەوەدا دەنێت كە پەیڕەوكردنی ئەم بنەمایە گەلێک كێشەی گوتن بزر دەكات. "گاردار" پێی وایە هیچ هەوڵێک بۆ جێبەجێكردنی بیردۆزی واتایی لە سەر ئەم چەمكە سەرنەكەوتووە، بۆ ئەوەی وەک نموونەیەک لە مەبەستزانی (pragmatic) بەكار بێت (راموس ٢٠١٤: ٩٣). بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، چەمكی گونجان لە هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای نەوەدەكاندا لەلایەن توێژەرانی مەبەستزانییەوە گرنگیی زۆری پێ درا، بە تایبەتی "سپێربر و ویلسـۆن''، كە هـەوڵـیان دا هەموو بنەماكانی گرایس لە بیردۆزی گونجاندا كۆ بكەنەوە، لە چوارچێوەیەكی جیـاوازدا، كە بریتی بـوو لە چوارچێوەی دەروونناسیی كۆزانینی (Cognitive Psychology). لە جیاتیی بنەما كۆمەڵایەتییەكان، كە گرایس پەیڕەوی دەكرد. گرنگیی بنەمای گونجان لەوەدایە بۆ لێكدانەوەی هەندێک گوتن بەكار دێت، كە هیچ پەیوەندیی بە دەربڕینەكەوە نییە (راموس ٢٠١٤: ٩٤).

١. – كاتژمێر چەندە؟

+ شەمەندەفەرەكە تێپەڕی.

١-٣. بنەمای ڕێزداری

لاكۆف پێی وایە بۆ خوێندنەوەی ڕەوتی گوتار، بارە كۆمەڵایەتییەكان و بارە ئاڵۆزەكان، ڕستەكان و دەربڕینەكان ڕەنگدانەوەی ئاڕاستەی نێرەر دەنوێنن. بە تایبەتی پێشبینییەكانی لە بارەی ئەو كەسانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات. هەستیان چۆنە؟ پایەی كۆمەڵایەتییان چییە؟ پایەی خۆی بەرانبەر وەرگران لە چ ئاستێكدایە؟ هەڵوێستی ڕاستەقینەی بەرانبەر دەوروبـەری پەیوەندیكردن، ئەو زانیارییانەی كە دەیەوێت بیانگەیەنێت، ئەو بڕیارانەی كە دەیدات، ئەو ئامانجانەی كە لەم كردەی پەیوەندیكردنەدا

دەیەوێت بەدەستیان بهێنێت. ئایا نێرەر دەیەوێت جیاوازیی پلەبەندی لەگەڵ وەرگردا نیشان بدات؟ یان دەیەوێت جیاوازییەکان کاڵ بکاتەوە و خۆی لە وەرگر نزیک بکاتەوە، یان دەیەوێت لە بەردەم وەرگردا مەرایی بکات؟ هەموو ئەمانە ئەنجامێکی گرنگ دەبن بۆ نیشاندانی ناوەڕۆکی مەبەستزانیی کردەی قسەییدا، کە لە دیارکردنی جۆری پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەنی گوتاردا بەشدارە، واتای تەواو بە گوتار دەدات و مەبەستەکانی نێرەر دیار دەکات (عەبدولرەحمان ١٩٩٨: ٢٤٢). بۆ نموونە:

٢. بە یارمەتیت پەنجەرەکە دابخە!

ئەم دەربڕینە بە گوتارێکی لاوەکی دادەنرێت، بەو پێیەی نێرەر پلەیەکی هەیە، یان هاوتایە لەگەڵ وەرگر و نزیکایەتییان لە نێواندا نییە. لەم بارەدا "بە یارمەتیت" واتە: من داوات لێ دەکەم ئەم کارەم بۆ بکەیت، هەر چەندە تۆ پابەند نییت کە کارەکە بکەیت. بەڵام ئەگەر نێرەر پلەی بەرزتر بوو، ئەوا واتای "بە یارمەتیت" دەگۆڕێت و دەچێتە چوارچێوەی ڕێزدارییەوە، چونکە نێرەر توانای ئەوەی هەیە وەرگر ناچار بکات، یان فەرمانی بەسەردا بکات بۆ ئەوەی کارەکە ئەنجام بدات. دەربڕینی "بە یارمەتیت" ئەوە دەگەیەنێت کە نێرەر دەیەوێت ڕێزداری بنوێنێت. جیاوازییەکەش ئەوەیە لە هەڵوێستی یەکەمدا وەرگر دەتوانێت داواکارییەکە ڕەت بکاتەوە، بەڵام لە هەڵوێستی دووەمدا باشتر وایە بە بێ هۆکار داواکارییەکە ڕەت نەکاتەوە. بۆ نموونە:

٣. ئۆو، ئێرە زۆر گەرمە!

بۆ ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە لە هەڵوێستی یەکەم گونجاوە، بەڵام ڕەنگە بۆ هەڵوێستی دووەم گونجاو نەبێت. لاکۆف دەیەوێت جۆرێک لە لێکچوون لە نێوان یاساکانی ڕستەسازی و لێکدانەوەی مەبەستزانیی گوتاردا دروست بکات، وەک ئەوەی گوتارێک لە ڕووی مەبەستزانییەوە چۆن دارێژراوە؟ تا چ ڕادەیەک لە یاساکانی گوتار لا دەدات؟ بۆیە سێ بواری ڕەفتاری مەبەستزانی بۆ گوتار دیار دەکات: (Lakoff١٩٧٣:٢٩٥).

- گریمانەکانی نێرەر لە بارەی پەیوەندی لەگەڵ وەرگردا.
- باروودۆخی قسەکەر لە جیهانی ڕاستەقینە (real-world)دا کاتێک قسە دەکات.
- تا چ ڕادەیەک نێرەر دەیەوێت یەکێکیان یان هەردووکیان بگۆڕێت، یان پەرەیان پێ بدات؟

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕەوشتە مەبەستزانییانەدا، لاکۆف دوو ڕێسای بنچینەیی دەهێنێتە ئاراوە کە هەندێک جار هاوکات دەبن و هەندێک جار یەکتر تەواو دەکەن، هەندێک جاریش بە پێی باردۆخ لە ململانێدا دەبن. ئەم دوو ڕێسایە بریتین لە: ڕێساکانی توانستی مەبەستزانی (Rules of Pragmatic Competence).

١. ڕوون بە (Be clear)
٢. بەڕێز بە (Be polite) (Lakoff١٩٧٣: ٢٩٦)

ستراتیژیی نێرەر لە پەیڕەوکردنی هەردوو ڕێسادا بە پێی ئامانج دەگۆڕێت. هەندێک جار دەیەوێت یەکێک لە ڕێساکان لە گوتارەکەیدا زاڵ بێت. هەوڵ دەدات ڕوون بێت کاتێک ئامانجی سەرەکی پەیوەندیی ڕاستەخۆیە لەگەڵ وەرگراندا. بۆیە مەبەستەکان بە ڕوونی دەگەیەنێت، بۆ ئەوەی هەڵەتێگەیشتن لای وەرگران ڕوو نەدات. لە هەمان کاتدا بنەمای ڕێز زیاتر پەیڕەو دەکرێت ئەگەر ئامانجی نێرەر ئەوە بێت کە هەستەکانی بەرانبەر وەرگر دەرببڕێت. بۆ نموونە: ئەگەر وەرگر پێگەی کۆمەڵایەتیی لە نێرەر بەرزتر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونی، گەلێک جار ڕێزیش دەنوێنێت. ئامانجی

گوتار؛ زاڵبوونی یەکێک لە بنەماکان دیار دەکات. لە گوتاری نافەرمی بنەماکانی ڕێزدا زیانر پێڕەو دەکرێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش بنەماکانی هاریکاریی گرایس ڕەت ناکاتەوە، بەڵکوو کردوویەتی بە بنچینە بۆ هەردوو بنەماکە. لە پەیوەندییە فەرمییەکانیشدا بنەمای هاریکاری زیاتر پەیڕەو دەکرێت، بە تایبەتی لە گوتاری زانستی و وانەگوتنەوەدا، چونکە ئەم هەڵوێستانە بۆ گوتنی زیادە و هەستبزواندن لەدوای بنەماکانی توانستی مەبەستزانییەوە گونجاو نین. لاکۆف سێ لقی تری لە بنەمای ڕێزدا دارشت، بە ناوی بنەماکانی "ڕێزداری" لە گوتاردا (الشهری، ٢٠٠٤: ١٠٠).

R1. خۆسەپێن مەبە (Don't impose).

R2. بژاردە بدە (Give options).

R3. هەستێکی باش دروست بکە - دۆستانە بە.
(Make A feel good - be friendly.)

هەندێک جار دوو یان زیاتر لەم بنەمایانە پێکەوە جێبەجێ دەکرێن و یەکتری بەهێز دەکەن. دەبێت نێرەر ئەوە بزانێت لە چ بارێکدایە؟ کام بنەما هەڵدەبژێرێت، "R1" یان "R3"، چونکە لەوانەیە یەکێکیان ئەوی تر هەڵبوەشێنێتەوە یان جێگەی بگرێتەوە. بۆ نموونە:

"R١" واتە ستراتیژیی دوورکەوتنە، خۆت لە کاروباری کەسانی تر هەڵمەقورتێنە. داوای مۆڵەت لە کەسی بەرانبەر بکە، پێش ئەوەی لەگەڵیدا بچێتە ناو گفتوگۆیەکی تایبەتەوە. بۆ نموونە:

٤. دەتوانم بپرسم چەند پارەت بۆ ئەو گوڵدانە داوە، بەڕێز؟

"R٢" واتە بژاردەکان لە بەردەم وەرگردا کراوە بن، خۆی بڕیارەکان وەربگرێت، ئەمەش گەلێک جار لەگەڵ "R١" لە یەک نزیک دەبنەوە و شوێنی دەگرێتەوە، ئەگەر "R١" لەگەڵ ڕەوتی گوتاردا نەگونجا. ئەم بنەمایە پێگەی وەرگر بەرز دەنرخێنێت، وەک لایەنێکی گوتار.

٥. ڕات چییە ئەگەر پیاڵە چایەک بخۆینەوە؟

"R٣" واتە ستراتیژی خۆنزیکردنەوە و هاوڕێیەتی، نێرەر هەوڵ دەدات هەستێکی دەروونی وا لای وەرگر دروست بکات کە یەکسانن (ئەگەر هاوڕێیەتییەکی ڕاستەقینە لە نێوان نێرەر و وەرگردا نەبوو)، بە چەند دەربڕینێک خۆی لە وەرگر نزیک دەکاتەوە، وەک: هاوڕێم، برام، یان بە نازناوەکەی بانگی دەکات. ئەمە ئەگەر نێرەر پایەی لە وەرگر بەرزتر بوو، بەڵام ئەگەر پایەی نزمتر بوو، ئەوا گوتارەکەی دەچێتە قاڵبی پاڕانەوەوە یان داواکردنی یەکسانی (Lakoff ١٩٧٣ :٣٠٣).

لاکۆف دەگاتە ئەو ئەنجامەی لە دوو لایەنەوە پەیوەندی لە نێوان بنەماکانی هاریکاری و بنەمای ڕێزدا هەیە:

یەکەم: ڕێککەوتنە، بنەمای "R١" تایبەتە بە ڕێککەوتن، لە میانی بەرهەمهێنانی گوتار بە شێوەی فەرمی کە پێویستە ڕوون بێت، ئەمەش وا دەکات بنەمای هاریکاری بکەوێتە ژێر ئەم بنەمایەوە. بەو پێیەی کە نێرەر کورتترین ڕێگە دەگرێتە بەر بۆ گەیاندنی زانیارییەکانی و کات بەفیڕۆ نادات.

دووەم: ڕێکنەکەوتنە کە خۆی لە بەرهەمهێنانی گوتاردا دەبینێتەوە، بە پێی بنەماکانی "R٢" و "R٣"، کە بە پێشێلکردنی بنەماکانی هاریکاری دادەنرێن (الشهری، ٢٠١٥: ١٤٦).

### ١-٤. بنەمای ڕوخسار

براون و لیڤنسون (١٩٧٨) گرنگییان بە بنەمای ڕێزداری دا و فراوانیان کرد، پێیان وا بوو بنەماکانی هاریکاریی گرایس بە تەواوی مەرجەکانی کردەی

پەیوەندیکردن ناگەیەنێتە ئامانج، چونکە تەنها چوارچێوەیەکی گشتیی گۆڕینەوەی زانیارین. کارلێکە کاریگەرەکان ئەوانەن کە لە بنەماکان لا دەدەن. لە ڕاستیدا "ڕێزداری" کاتێک دێتە ئاراوە کە نێرەر پشت بە ڕەهەندی پەیوەندیکردن دەبەستێت کە لە سەر بنچینەی لادان بونیاد نراوە. بۆیە ئەم دوو توێژەرە بۆچوونەکانیان لە بارەی ڕێزداری (التأدب)یەوە لە دوو ڕەهەندەوە خستە ڕوو:

ڕەهەندی یەکەم: گرنگییان بە سروشتی "ڕێزداری" و چۆنێتیی کارکردنی لە کردەی پەیوەندیکردن دا.

ڕەهەندی دووەم: کۆمەڵێک ستراتیژیی ڕێزدارییان خستە ڕوو (المیساویم، ٢٠٢١: ٢٤٩).

لای براون لیڤنسون بنەمای ڕێزداری لە سەر سێ چەمکی بنچینەیی دامەزراوە:

١-٤-١. ڕوخسار (Face)

براون و لیڤنسون چەمکی ڕوخساریان لە گۆفمان (١٩٦٧) خواستووە، کە لە فۆلکلۆری ئینگلیزییەوە وەریانگرتووە. ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو ڕوخسار بە چەمکەکانی شەرمەزاربوون، یان ڕیسوابوون یان لەدەستدانی ئابروو دەبەستنەوە. کەواتە ڕوخسار لە رووی سۆزدارییەوە بەرهەم هاتووە، دەکرێت لەدەست بدرێت، بپارێزرێت، یان بەهێز بکرێت. دەبێت بەردەوام لە کردەی کارلێکدا گرنگیی پێ بدرێت. بە شێوەیەکی گشتی، لە کارلێک و پەیوەندیدا، بەشداربووانی گوتار هاوکاریی یەکتر دەکەن لە پاراستنی ئابڕووی یەکتردا. ئەم جۆرە هاوکارییە لە سەر بنەمای هەستیاریی پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان بەشداربووان بونیاد دەنرێت. واتە پاراستنی ئابڕووی هەر بەشداربوویەک بەندە بە پاراستنی ئابڕووی ئەوانی ترەوە، بۆیە چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێت هەر بەشداربوویەک بەرگری لە ئابڕووی خۆی بکات ئەگەر هەڕەشەی لێ کرا. بە شێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندیی هەموو بەشداربوویەکدایە کە ئابڕووی یەکتر بپارێزن ( Brown & Levinsin ١٩٧٨: ٦١) بۆ شیکردنەوەی بنەمای ڕێزداری، براون و لیڤنسون دوو ڕوخسار جیا دەکەنەوە:

ڕوخساری ئەرێنی (positive face): وێنەیەکی ئەرێنییە کە هەر کەسێک لە بارەی خۆیەوە هەیەتی، ویستی هەر تاکێکە بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی لەلای ئەوانی تر ڕێزیان لێ بگیرێت.

ڕوخساری نەرێنی (negative face): ویستی هەر تاکێکە بۆ خۆگەورەگرتن و پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندییە کەسییەکانی، کە ئارەزووەکانی لەلایەن ئەوانی ترەوە لەمپەریان بۆ دروست نەکرێت.

ڕوخساری ئەرێنی دەبێت پەسەند و خۆشەویست بێت، ئارەزووی هاوبەشیی لەگەڵ ئەوانی تردا هەبێت، بەڵام ڕوخساری نەرێنی دەبێت سەربەخۆ و دابڕاو بێت، فەرمان لە کەسانی تر وەرنەگرێت، چونکە چەمکی ڕوخسار بە پاراستنی ئابڕووی وەرگر بەستراوەتەوە. لە کردەی پەیوەندیکردن و کارلێککردندا، هەموو کەسێک هەوڵ دەدات لە میانەی چەمکی ڕوخساردا، بە هەردوو ڕووی ئەرێنی و نەرێنی، بە پشتبەستن بە دووریی کۆمەڵایەتیی نێوان بەشداربووان، یان سروشتی پەیوەندیی نێوانیان، وێنەی خودی خۆی نیشان بدات. هەر چەندە پەیوەندییەکە بەهێز بێت، دووریی نێوانیان کەم دەبێتەوە و ڕوخسار ئەرێنی دەبێت. بە پێچەوانەوە، چەندی دووریی نێوان بەشداربووان فراوان بێت، پەیوەندییەکە فەرمی دەبێت و ڕوخسار نەرێنی دەبێت (المیساوی ٢٠٢١: ٢٥٠).

١-٤-٢. ئەو كردارانەی هەڕەشەن بۆ ڕوخسار FTA (Face Threaten Actions)

براون و لیڤنسون چوار جۆر كردار دیاری دەكەن، كە هەڕەشەن بۆ سەر ڕوخسار:

١. ئەو كردارانەی هەڕەشەن بۆ ڕوخساری ئەرێنیی وەرگر، وەك: ڕەخنە، تاوانباركردن، یان ڕیسواكردن، بە شێوەیەك كە وێنە گشتییەكەی بشێوێنێت.

٢. ئەو كردارانەی هەڕەشەن بۆ ڕوخساری نەرێنیی وەرگر، وەك: فەرماندان، داواكاری، یان هەر كەسێك پێشێلی سەروەری و شكۆمەندی بكات، سەربەخۆیی بخاتە ژێر مەترسییەوە.

٣. ئەو كردارانەی هەڕەشەن بۆ ڕوخساری ئەرێنیی نێرەر، وەك: ڕەخنەلەخۆگرتن، دانپێدانان، داوای لێبوردن.

٤. ئەو كردارانەی هەڕەشەن بۆ ڕوخساری نەرێنیی نێرەر، وەك: ئەو پێشنیار و بەڵێنانەی كە خۆی دەیاندا و پێویستیان بە تەرخانكردنی كات و كەلوپەل هەیە (المیساوی، ٢٠٢١: ٢٥٠).

١-٤-٣. ستراتیژییەكانی ڕێزداری (Politeness strategies)

بۆ خۆپاراستن لەو كردارانەی دەبنە هەڕەشە لە سەر ڕوخسار، براون و لیڤنسون چەند ستراتیژییەكی گونجاویان بۆ كردەی پەیوەندی و كارلێك پێشنیار كردووە، بۆ ئەوەی ئابڕووی هیچ لایەنێك نەكەوێتە ژێر هەڕەشە، یان ڕێژەی هەڕەشەكە كەم بكرێتەوە، چونكە هەر بكەرێكی ژیر هەوڵ دەدات خۆی لەو كردارانە دوور بگرێت كە ئابڕوو دەتكێنن. بۆیە پەیڕەوی ستراتیژییەكی دیاركراو دەكات، ستراتیژییەكان بۆ پێنج پلە پۆلێن كراون كە پلیكانەی ڕێژەی ڕێزداری دەنوێنن. نێرەر گوتارەكەی بە پێی یەكێك لەم ستراتیژییانە بەرهەم دەهێنێت، بە گوێرەی بارودۆخ تەنها یەكێك لەم ستراتیژییانە هەڵدەبژێرێت، لەمەشدا ڕەچاوی سێ گۆڕاوی دەوروبەر (circumference) دەكات:

١. ڕەهەندی كۆمەڵایەتیی نێوان نێرەر و وەرگر (پەیوەندیی هاوتایی) (symmetric relation)

٢. ڕەهەندی دەسەڵات لە نێوان هەردوو لادا (پەیوەندیی ناهاوتایی) (assymmetric relation)


٣. ئەو كۆتوبەندانەی كولتوورێكی دیاركراو بەسەر نێرەردا دەسەپێنن (Cultural dimension)

هەریەك لەم ڕەهەندانە بە گۆڕاو دادەنرێت، بە پێی گۆڕان و جۆراوجۆریی دەوروبەر، چونكە پەیوەندیی كۆمەڵایەتی، دووری و نزیكایەتی و پەیوەندیی دەسەڵاتیش بە پێی پلەبەندی دەگۆڕێن. هەر كات و شوێنێكیش كۆتوبەندی دیاركراوی خۆی هەیە. هەر یەكێك لەم سێ گۆڕاوە سەرەكییانە بەشدار دەبن، بۆ ئەوەی نێرەر ستراتیژییەكی گونجاو بۆ گوتارەكەی دیار بكات و بتوانێت ئابڕووی خۆی و وەرگر بپارێزێت. دیاركردنی ئەم ستراتیژییانە لە میانەی كردەیەكی هزریدا ئەنجام دەدرێت كە لە سەر توانستی مەبەستزانیی نێرەر دەوەستێت، بۆ ئەوەی بتوانێت هاوسەنگییەك لە نێوان گۆڕاوەكاندا دروست بكات (van dijk, ١٩٩٧: ٥٢).

بڕوانە هێڵكاریی ژمارە (١)

١-٤-٣-١. ستراتیژیی ڕاشكاوی (Explicit strategy)

ستراتیژیی ڕاشكاوی، واتە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ، بە بێ بەكارهێنانی هیچ گوتنێك كە هەڕەشەی سەر ڕوخساری وەرگر كەم بكاتەوە، چونكە نێرەر پێی وایە گوتارەكەی هەڕەشە لە ڕوخساری وەرگر ناكات، ئەگەر هەشبێت زۆر




هێڵکاریی ژمارە (١) (Brown & Levinsin1978: 69)

کەم و لاوازە، بۆیە نێرەر لە ئەنجام ناترسێت و گوتارەکەی ڕوون و ڕاستەوخۆیە. ئەم ستراتیژییە لەگەڵ بنەمای هاریکاریی گرایس و بنەمای یەکەمی لاکۆفدا یەک دەگرێتەوە (الشهری، ٢٠١٥: ١٥١). بۆ نموونە:

٦. برا لە خوشک و زاوکەی دەپرسێت. ئێوە کێشەتان چییە؟

١-٤-٣-٢. ستراتیژیی ڕێزداریی ئەرێنی

ستراتیژیی ڕێزداریی ئەرێنی، پێداویستییە ئەرێنییەکانی ڕوخساری قسەکەر بەهێز دەکەن، بە ئامرازەکانی وەک: چاودێریی گوێگر، جەختکردنەوە لە سەر ئاڵوگۆڕ، نیشاندانی بیروبۆچوونێکی هاوبەش و نیشاندانی گەشبینی. بۆ نموونە: گرنگیدان بە ئارەزوو و پێداویستییەکانی گوێگر؛ ستراتیژییەکی ئەرێنییە، کە دەکرێت بۆ پێشەکیی داواکاری و کەمکردنەوەی ڕێژەی فەرماندان بەکار بهێنرێت. بۆ نموونە: سەرتاشێک ئەم گوتنە ئاراستەی کریارێکی دەکات، کە چاویلکەی لەچاو کردووە:

٧. با چاویلکەکەمان دابکەنین!

ستراتیژییەکانی تری ڕێزداریی ئەرێنی بریتین لە بەکارهێنانی زمانی بازاڕی، نوکتە، خۆشەویستی و نازناو، خۆنزیککردنەوە و خۆهاوتاکردن و... (Van Dijk١٩٩٧: ٥١)

١-٤-٣-٣. ستراتیژیی ڕێزداریی نەرێنی (Negative Politeness Strategies)

ئەم ستراتیژییە بۆ پاراستنی ڕوخساری نەرێنیی وەرگر ئاراستە دەکرێ. واتە ئازادبوونی وەرگر لە سەپاندن، بە پرسیارکردن لە بارەی هاریکاری و پێدانی بژاردە و سەربەستبوونی لە کردن، یان نەکردنی کارێک، کە لە ئەنجامی هەڵوێستێکی ڕەشبینانەوە پەیدا بووە. پێشکەشنەکردنی داواکاری بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ. وەک:

٨. ئایا دەتوانیت ئەم لاپەڕەیەم بۆ بخوێنیتەوە؟

نێرەر بژاردەی ئەوە دەدات بە وەرگر کە داواکارییەکە ڕەت بکاتەوە، بەمەش ڕووی ئەرێنیی خۆی دەپارێزێت و لە هەمان کاتدا بە پرسیارکردن ڕوخساری نەرێنیی وەرگر بەهێز دەکات. گریمانەی ئەوەش دەکات کە ڕەنگە وەرگر گوێڕایەڵ نەبێت. بەگشتی ستراتیژییەکانی تری ڕێزداری نەرێنی

بریتین لە پاراستنی ڕوخسار و کەمکردنەوەی سەپاندن بەسەر وەرگردا، هەروەها هەندێک دەستەواژەی ڕێزداری بەکار بێت.

٩. ئەگەر زانیاریتان هەبێت، ئایا کاروان لێرە بوو؟

١٠. لەوانەیە خاوەنشکۆ حەز بکات... (Van Dijk١٩٩٧:٥٢)

١-٤-٣-٤. ستراتیژی بەشدارینەکردن (Opting out Strategy)

بەشدارینەکردن یان بێدەنگی، ئەم ستراتیژییە بۆ کاتێکە ئەگەر مەترسییەکە زۆر گەورە بێت. نێرەر بڕیار دەدات هیچ شتێک نەڵێت. بۆ نموونە: گلەییکردن لە دراوسێیەک سەبارەت بە دەنگی ئەو مۆسیقایەی کە لە کاتژمێرە ناوەختەکاندا لە ماڵەکەیەوە دێت، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە مەترسیی پچڕانی پەیوەندیی دۆستانە هەیە، لە ڕێگەی هەڕەشە بۆ سەر ڕوخساری ئەرێنیی وەرگر.

١-٤-٣-٥. ستراتیژی ئاماژەپێکردن (Off record strategy)

لەم ستراتیژییەدا دەرفەتی زۆر بە وەرگر دەدرێت، کە بە ئارەزووی خۆی گوتارەکە لێک بداتەوە. لە هەمان کاتدا نێرەر دەرفەتی ئەوەی هەیە کە نکوڵی لە گوتنەکەی بکات ئەگەر وەک داواکاری لێک بدرایەوە. واتە گوتارەکەی ناڕاستەوخۆ و گشتییە، بە جیاوازیی بارودۆخ مەبەستەکەی دەگۆڕێت. بۆ نموونە:

١١. ئێرە هەندێک ساردە.

نێرەر خۆی دەپارێزێت ئەگەر گوتنەکەی بووە هەڕەشە لە سەری، لە هەمان کاتدا کەس ناتوانێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، چونکە ڕاستەوخۆ هیچ داواکارییەکی پێشکەش نەکردووە

(Brown & Levinsin١٩٧٨: ٦٩)

١- ٥. بنەمای ڕێزداریی باڵا

لای لیچ (Leech)؛ خود خۆی دەبێتە ئەو تەوەرەی کە گوتاری ئاڕاستە دەکرێت. واتە بنەمای ڕێزداریی ڕەوشت و ئاکارە جیاوازەکانی نێرەر و وەرگر دەگرێتەوە. لیچ لە بنەماکانی هاریکاریی گرایس دەست پێ دەکات، گرنگییەکانی دیار دەکات و ڕەخنەشیان لێ دەگرێت. گرنگییەکەی لەوەدایە کە بنەمای هاریکاریی بنچینەیی پێویستە بۆ ئاڕاستەکردنی هەردوو لایەنی گوتار، لەبەرئەوەی مەبەستی نێرەر و واتای دەربڕاو بەیەکەوە دەبەستێتەوە. کەموکورتییەکانی لەوەدایە ڕۆڵی تەنها لە ڕێکخستنی پەیوەندی و ئاستی پێڕاگەیاندن (تبلیغ)ی گوتاردایە، بنەما مەبەستزانییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان فەرامۆش دەکات. بنەماکانیش بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک گشتگیر ناکرێن (Leech١٩٨٣:٦٧).

لیچ بۆ پڕکردنەوەی کەلەبەرەکانی بنەمای هاریکاری، بۆ ئەوەی بنەماکە ببێتە بەشێکی پێوستی گوتار، پێشنیازی دارشتنی بنەمای ڕێزداری دەکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەندێک ئامراز و میکانیزمی زمانی لە گوتاردا، چونکە ڕۆڵی ڕێزداری تەنها لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکاندا سنووربەند ناکرێت، هاوڕێیەتییش دادەمەزرێنێت کە دەبێتە بنچینەی هاریکاری، بۆیە دوو بنەمای پێکهێنی ڕەوانبێژیی تایبەت بە گوتار کۆ دەکاتەوە، بە ڕەچاوکردن و لەپێشگرتنی پێگەی نێرەر. لەمەدا بنەمای ڕێزداری هۆکارێکە بۆ دەربڕینی ناڕاستەوخۆ، هەر چەندە ئەم جۆرە دەربڕینە ناکۆکە لەگەڵ ڕاستەوخۆیی و ڕاشکاویی بنەمای هاریکاریدا. بۆ نموونە: خاوەنماڵێک ئۆتۆمبێلی دراوسێکەیانی لە پێش دەرگای ماڵەکەیدا بینی.

١٢. خاوەنماڵ: خوا یارمەتیی دانیشتووانی ئەم

گەڕەکە بدات، شەقامەکان زۆر تەنگن و شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلیش دەگمەنە!

دراوسێ: هیوادارم دڵتەنگ نەبیت، ئێستا شوێنێک بۆ ئۆتۆمبێلەکەم دەدۆزمەوە.

خاوەنماڵ: ئێستا مەیجووڵێنە، من مەبەستم ئەوە نەبوو.

دراوسێ: هەتا ئەگەر مەستیشت بێت، مافی خۆتە. (الشهری، ٢٠١٥: ١٥٥)

خاوەنماڵ ستراتیژی ناڕاستەخۆی بەکار هێناوە، هەر چەندە ماف و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە ئۆتۆمبێلەکەی بۆ لا بدات، بەڵام شێوازێکی ڕیزداری بەکار هێناوە و بە گوتنی ئەم دەربڕینەی خوارەوە پاساوێک بە دراوسێکەی دەدا:

١٣. شەقامەکان زۆر تەنگن و شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلیش دەگمەنە.

لە گوتنی دووەمدا دراوسێکەی پابەند دەکات کە دوایی ئۆتۆمبێلەکەی لا بدات.

١٤. ئێستا مەیجووڵێنە!

لیچ کردەی دەربڕینە (illocutionary) گوتارەکانی بۆ چەند پلەیەکی پلیکانی پۆلێن کردووە، بە پێی جۆر و پەیوەندیی هەر پۆلێک، بە ئامانجی کۆمەڵایەتیی گوتار، کە بریتییە لە خۆشگفتی (المجاملە) و پارێزگاریکردن. کردەکان بۆ ئەم چوار جۆرە دابەش کراون:

١. پێشبڕکێکاری (Competitive): ئامانجی گوتار پێشبڕکێ لەگەڵ ئامانجی کۆمەڵایەتیدا دەکات، وەک: فەرماندان، پرسیارکردن، داواکاری، دەرۆزەکردن و... هتد.

٢. بۆنە (Convivial): ئامانجی گوتار هاوتا دەبێت لەگەڵ ئامانجی بۆنەی کۆمەڵایەتیدا، وەک: پیرۆزبایی، سڵاوکردن، بانگهێشتکردن، سوپاسکردن، پێشکەشکردن و... هتد.

٣. هاریکاری (Collaborative): ئامانجی گوتار کاریگەر نابێت بە ئامانجی کۆمەڵایەتی، وەک: ڕێنماییکردن، ڕاگەیاندن، لێدوان و... هتد.

٤. دژیەکی (Cinlictive): ئامانجی گوتار دژیەکە لەگەڵ ئامانجی کۆمەڵایەتیدا، وەک: هەڕەشەکردن، تاوانبارکردن، سەرزەنشتکردن و... هتد (Leech١٩٨٣:١٠٤).

دوو جۆری یەکەم بە شێوەیەکی سەرەکی ڕێزدارییان تێدایە، لەو شوێنانەی کە کردەی دەربڕین ڕکابەرییە. خاڵی یەکەم ڕێزدارییەکە تایبەتمەندییەکی نەرێنیی هەیە، ئامانجی کەمکردنەوەی ئەو ناتەباییەیە کە لە کێبڕکێی نێوان ئامانجی بەدەستهاتوو و "ڕەوشتی باش"دایە. ئامانجی کێبڕکێ لە بنەڕەتدا بێڕێزین، وەکوو ڕازیکردنی کەسێک کە پارەت بە قەرز پێ بدات. جۆری دووەم، جۆری ئەرکە هاوسۆزییەکانە بە پێچەوانەوە، لە بنەڕەتدا بەڕێزە، ڕێزداری لێرەدا شێوەیەکی ئەرێنیتر وەردەگرێت لە گەڕان بەدوای دەرفەتی جوانبێژی. بۆ نموونە: ئەگەر دەرفەتێک ڕەخسا، بۆ ئەوەی پیرۆزبایی سەد ساڵەی لەدایکبوون لە کەسێک بکەیت، پێویستە ئەوە بکەیت. لە سێیەمدا پەیوەندیی بە دەربڕین و جوانبێژییەوە نییە. زۆربەی گوتاری نووسراو دەکەونە ئەم پۆلەوە. لە جۆری چوارەمدا نێرەر لە دەربڕینی جوان و بەرجەستەکردنی بنەمای ڕێزدارییەوە زۆر دوورە، چونکە دەربڕینە دژیەکەکان بە سروشتی خۆیان بۆ ئەوە دانراون کە ببنە هۆی سەرپێچیکردن، هەڕەشەکردن، یان جنێودان بە کەسێک بە شێوەیەکی ڕێزداری، کە خۆی لەگەڵ زاراوەکاندا دژیەکە (المیساوی، ٢٠٢١: ١٤٨).

لەدوای ئەم چوار جۆرەی کردەکانی دەربڕین، لیچ کردە قسەکانی "سێرل"ی بە پێی ئەرکەکانیان

دارشتەوە (Leech١٩٨٣: ١٣١). جیاوازیی لە نێوان دوو جۆری ڕێزداریدا کرد کە بریتین لە: ڕێزداریی ڕێژەیی و ڕێزداریی باڵادا. تیشکی خستە سەر ڕێزداریی باڵا و لە شێوەی بنەمای دوو وێنەییدا دایڕشت و شەش بنەمای لێ هاتە بەرهەم:

١. بنەمای لێهاتوویی (Tact maxim):

ئـ تێچووی ئەوانی تر کەم بکەوە.

ب. سوودی ئەوانی تر زیاد بکە.

٢. بنەمای بەخشندەیی (Generosity maxim):

ئـ سوودی خۆت کەم بکەوە.

ب. تێچووی خۆت زیاد بکە.

٣. بنەمای چاکەکاری (Approbation maxim):

ئـ زەمی ئەوانی تر کەم بکەوە.

ب. ستایشی ئەوانی تر زیاد بکە.

٤. بنەمای لەخۆبووردوویی (Modesty maxim):

ئـ ستایشی خۆت کەم بکەوە.

ب. زەمی خۆت زیاد بکە.

٥. بنەمای هاوڕایی (Agreement maxim):

ئـ ناکۆکیی نێوان خۆت و ئەوانی تر کەم بکەوە.

ب. ڕێککەوتنی نێوان خۆت و ئەوانی تر زیاد بکە.

٦. بنەمای هاوسۆزی (sympathy maxim):

ئـ کەمکردنەوەی ڕق لە نێوان خۆت و ئەوانی تردا.

ب. زیادکردنی هاوسۆزی لە نێوان خۆت و ئەوانی تردا (Leech١٩٨٣:١٣٢).

لیچ ئەم بنەمایانەی لە سەر بنچینەی یاسای سوود و زیان دامەزراندووە، واتە سوودی ئەوانی تر بەرانبەر زیانی خود. بنەمای لێهاتوویی (Tact maxim) کردووەتە سەرەکی و بنەماکانی تر وەکوو لقی ئەم بنەمایەن، چونکە دەبێت نێرەر ڕەچاوی خۆی و ئەوانی تر بکات، لە کاتی دەبرینی گوتارەکەیدا، بەو پێیەی ڕێزداری پێوەرێکی هاوبەشە لە نێوان هەردوو لایەنی گوتاردا. لە ڕاستیدا ڕێزداری دوو ڕووی هەیە: ڕێزی وەرگر، واتە کەمکردنەوەی ڕێزی خود، بە پێچەوانەشەوە. بۆیە دارشتنی یاسا لاوەکییەکانی بنەما سەرەکییەکە بۆ لێکدانەوەی زانیارییەکان پێویستن. بە پێی ئەم بنەمایە دەربڕینەکان ڕێژەی ناکۆکی لە نێوان هەردوو لایەنی گوتاردا کەم دەکەنەوە، ڕێژەی هاریکاری لە نێوانیاندا زیاد دەبێت (Bach & Harnish١٩٧٩:٦٥).

٢. پێوەری شێوەی گوتار (Shape)

لە نێوان هەردوو زاراوەی "گوتار" و "وتار"دا جۆرێک لە جیاوازی و تێکەڵبوون هەیە، هەندێک جار لە بریی یەکتر و هەندێک جار جیا لە یەکتر بەکار دێن. هەر چەندە زاراوەکان یەک چاوگیان هەیە (گوتن/وتن)، بەڵام ئێستا وەک چەمکی جیاواز بۆ دوو مەبەستی جیا بەکار دێن.

وتار: لە زمانی کوردیدا بۆ دوو مەبەست بەکار دێت:

١- ئەو وتارەی پێشکەش دەکرێت، وەک وتاری ڕامیاری، ئایینی و...، کە لە بەرانبەردا لە زمانی ئینگلیزیدا "Speech" بۆ وتاری ئاسایی و "Sermon" بۆ وتاری ئایینی بەکار دێت. لە زمانی عەرەبیدا "خطابة"، یان "كلمة" بۆ وتاری ئاسایی و "خطبة" بۆ وتاری ئایینی بەکار دێت.

٢- بەکارهێنانی دووەمی زاراوەی وتار بۆ ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکاندا بڵاو دەکرێتەوە بەکار دێت، کە لە زمانی عەرەبیدا "مقالة" و لە زمانی ئینگلیزیدا "Article" بۆ وتار و لێکۆڵینەوەی کورت و ئاسایی و "Essay" بۆ وتاری ئەدەبی بەکار دێت (عصاف، ٢٠٢٢: ١٤٧).

گوتار: لە زمانی کوردیدا بۆ یەک مەبەست بەکار دێت، لەم توێژینەوەیەشدا هەر ئەم چەمکە مەبەستە. گوتار لە زمانی ئینگلیزیدا ”Discourse“ی پێ دەگوترێت، لە بنچینەدا لە زاراوەی ”Discoursus“ی لاتینی داڕێژراوە کە بە واتای گفتوگۆ دێت. لە زمانی عەرەبیدا ”خطاب“ی پێ دەگوترێت. لە زمانی کوردییشدا گوتار بەکار دێت. گوتار لای زمانەوانان بریتییە لە ڕستەیەک یان زنجیرە ڕستەیەکی بەدواییەکداهاتوو (نووسراو یان گوتراو) کە لە نێرەر (قسەکەر)ەوە بۆ وەگر (گوێگر) دەگوازرێتەوە، لە پێناوی گەیاندنی پەیامێکدا لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، ئینجا پەیامەکە ڕاست بێت یان ناڕاست، یان ئەندێشە، بۆ ئەوەی کاریگەرییەک لای وەرگر دروست بکات. چەمکی گوتار لە زمانەوانیی هاوچەرخدا شوێنێکی فراوانی گرتووەتەوە، چالاکیی ئەو چەمکەش لەوەوە هاتووە کە بەناویەکداچوونێکی تەواوی لە نێوان زمان و بوارەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا دروست کردووە، لەوانە: تیۆری ڕەخنەیی، زمانەوانی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، دەروونناسی کۆمەڵایەتی. (Mills١٩٩٧: ٣) گوتار لە سەر ئاستی زمانی ڕۆشنبیران، میدیا، ڕاگەیاندن و سیاسەت، بریتییە لەو ناوەرۆکانەی کردەی گوتن دەیانگرێتەوە، بە نووسراو و گوتراوەوە. بەگشتی هاوتایە لەگەڵ ناوەرۆکی بیرۆکەی سەرەکیی گوتندا. لای زمانەوانان، کۆمەڵناسان و فەیلەسووفان گرنگییەکی زۆر بە چەمکی گوتار دراوە. لای فۆکۆ پانتاییەکی فراوانی هەیە و لە تۆڕێکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فەلسەفی و کولتووریدا پێک دێت، بوارێکە پرۆگرام و دەسەڵات و قووڵایی مێژوویی هەیە (بوغرە: ٢٠٠٠:٩٤). لای ”ڤان دایک“ گوتار بریتییە لە بونیادی گەورەی واتای دەق بە نووسراو و گوتراوەوە، ئەمەش لە وردەکاریدا واتە بنچینەی ئایدیۆلۆژیی بیرۆکەی سەرەکیی دەق (Van Dijk١٩٩٧:٥٢). پێناسە و ڕاوبۆچوونی تر لە سەر چەمکی گوتار زۆرن، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان شێوە (Shape)ی دەربڕاو، یان نووسراوەکەی گوتارە، کە کاریگەریی لە سەر هەڵبژاردنی ستراتیژییەکی تایبەتیی گەیاندنی گوتار هەیە.

گوتار لە شێوە زمانییەکەیدا بەرجەستە دەبێت، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان شێوە و واتادا هەیە. بە ڕەچاوکردنی ڕەوتی گوتن، پێویستە بەیەکەوە گرێدانێکی پتەو لە نێوان دەربڕینە زمانییەکان و مەبەستی گوتاردا هەبێت، شێوەکان هەڵگری واتاکان بن، واتە هەر مەبەستێک شێوەیەکی زمانیی هەیە. بە پێی ڕێککەوتنی بەکارهێنەرانی هەر زمانێک، هەر شێوەیەکی زمانی ئامرازی تایبەتیی خۆی هەیە کە دەینوێنێت. لە هەموو بارەکاندا بە شێوەیەکی گشتی نێرەر یەکێک لەم ئەرکانە ئەنجام دەدات:

١- یان هەواڵ و زانیاری دەدات.

٢- یان داواکاری و فەرمان دەدات (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ١٤٢).

بەم جۆرە ستراتیژییەکانی گوتار بۆ بەجێگەیاندنی هەر یەک لەم کردانە جۆراوجۆرە. نێرەر یەکێک لەم ستراتیژییانە هەڵدەبژێرێت: یان گوتارەکەی بە شێوە ڕەسەنەکەی (واتا و مەبەستی کەرەستە زمانییەکان یەک بن) پێشکەش دەکات، یان دەستکاریی شێوە ڕەسەنەکەی دەکات، واتە دەکرێت بە دوو شێوە بگەین بە مەبەستی گوتن: دەربڕینی ڕاستەوخۆ و خواستن. بۆ نموونە: فەرمانبەرێک داوا لە بەڕێوەبەرەکەی دەکات مۆڵەتی پێ بدات:

١٥- ئەم داواکارییەم بۆ واژۆ بکە.

لە ڕواڵەتدا گوتنەکە فەرماندانی تێدایە، فەرمانبەرەکە کردارێکی زمانیی ئەنجام داوە،

پێشێلی پەیڕەوی ڕێساکانی ڕێزمانیی زمانی کوردیی نەکردووە، بەڵام ڕەوتی گوتن ئەمە دووپات ناکاتەوە. پلەی فەرمانبەرەکە لە پلەی بەڕێوەبەرەکە نزمترە، جیاوازیی پلەی نێوان هەردوو لایەنی گوتاریش ڕۆڵێکی گرنگی لە هەڵبژاردنی ستراتیژیی گوتاردا هەیە، بۆیە نەگونجانێک لە نێوان شێوە دەربڕاوەکە و مەبەستی گوتارەکەدا هەیە. لە ڕەوتی گوتارەکەدا نەبێت؛ مەبەستەکە ڕوون نابێت، لەبەرئەوەی نێوان نێرەر و وەرگر پلەبەندیی تێدایە و داواکارییەکە لە پلەی نزمەوە بۆ پلەی بەرزترە، نێرەر دەتوانێت ستراتیژیی تر پەیڕەو بکات و یەکێک لە بنەماکانی ڕێزداری بەکار بهێنێت.

١٦- بەڕێزتان ئەگەر بە گرانی نازانن ئەم داواکارییەم بۆ واژۆ بکە! (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ١٤٣)

کەواتە لە هەر کردارێکی زمانیدا شێوەی گوتار بە تەنها ناتوانێت مەبەستی نێرەر بگەیەنێت، ئەمەش ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان شێوە و مەبەستدا، یان ڕوخسار و ناوەڕۆکدا هەیە. لەوانەیە شێوە و مەبەست هاوڕێک بن، لەوانەشە هاوڕێک نەبن. ئەمەش دوو بژاردە لە بەردەم نێرەر دەکاتەوە:

١-گوتاری دەربڕاو، یان ئەوەی پێی دەگوترێت: واتای وشەیی (المعنى الحرفی)

٢-چەمکی گوتار، یان واتای لێکەوتەی ئاخاوتن (المستلزم)

نێرەر ئازادە کە کام بژاردە هەڵبژێرێت بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی بە پێی ڕەوتی گوتن، هەر یەک لەم بژاردانەش پێیان دەگوترێت ستراتیژی، کە دوو جۆرە:

١- ستراتیژیی ڕاستەخۆ

- ستراتیژیی ناڕاستەوخۆ

ستراتیژیی ڕاستەوخۆ کاتێک بەکار دێت کە نێرەر بیەوێت ڕاستەوخۆ مەبەستەکانی بگەیەنێت، واتە واتای وشەیی دەربڕینەکە. ستراتیژیی ناڕاستەوخۆ کاتێک بەکار دێت کە واتای گوتارەکە واتای شێوە دەربڕاوەکە دەبەزێنێت، هەر یەک لەم ستراتیژییانە ئامراز و کەرەستەی تایبەتیی زمانی و ژینگەی تایبەتیی خۆیان هەیە کە نێرەر بتوانێت واتای زیاتر لە دەربڕاوەکە بار بکات (المتوکل، ١٩٩٣: ٢١).

زمانەوانان لە شێوەی گوتاردا ئاستەکانی زمانیان وەک پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی واتای وشەیی و واتای لێکەوتەی ئاخاوتن دیار کردووە، بۆیە نێرەر تیشک دەخاتە سەر چۆنێتیی مەزراندنی ئەم ئاستانە لە ستراتیژییەکانی گوتار و چۆن ئامراز و کەرەستەکانی زمان بەکار دەهێنێت. لە ئاستەکانی فەرهەنگی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی و ئاوازەدا. دەبێت نێرەر ڕەچاوی ئەوە بکات کە هەریەک لەم ئاستانە شێوەیەکی بەکارهێنانی تایبەتیی خۆیان هەیە، لە کاتی درکاندنی گوتاردا وەک خۆیان بەکاریان بهێنێت، یان دەستکارییان دەکات و واتای تریان لێ بار دەکات، چونکە لە هەر یەک لەم ئاستانەدا نێرەر دەتوانێت ستراتیژیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ پەیڕەو بکات (المتوکل، ١٩٩٣: ٨١).

### ٢-١-١. ئاستی وشەسازی (Morphology)

ئاستی وشەسازی لەو ئاستانەی زمانە کە بە ستراتیژیی ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە، لەوانە: گۆڕینی دەمکاتی گوتار لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بۆ نموونە:

١٥- بۆچی پشتگیریی لیستی [...] دەکەیت؟

١٦- بۆچی پشتگیریی لیستی [...]ت کرد؟

بە بەراوردکردنی نێوان هەردوو گوتار، بەدیار دەکەوێت کە نێرەر کاتی ئێستای هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ کاتی درکاندنی گوتارەکەدا بگونجێت،

هـەر چەندە کارەکە لـە رابــردوودا رووی داوە، لەوانەیە تا ئێستاش بەردەوام بێت، بەو پێیەی نێرەر زانیاریی لە سەر رووداوەکە هەیە.

هەندێک جار نێرەر بە گۆڕینی وشەیەک، یان بۆ کەمکردنەوەی ڕێـژەی کاریگەریی دەربڕینە نەرێنییەکان، لە ستراتیژیی ناڕاستەوخۆوە بەرەو ستراتیژیی ڕاستەخۆ دەچێت، بە پێچەوانەشەوە.

١٧- قسەکەت ڕاست نییە.

١٨- تۆ درۆ دەکەیت.

١٩- تۆ درۆزنیت.

بەکارهێنانی ئەو جۆرە پلەبەندییە لە گوتاردا کە هەمان بنچینەی واتاییان هەیە؛ دەوەستێتە سەر ڕەوتی گوتار، چونکە دەربڕینەکان بە پێی دەسەڵات و پێگـەی هـــەردوو لایــەن دەگـۆڕێـت و بــەرەو زێدەڕۆیی یان کەمکردنەوەی زێدەڕۆیی دەڕوات (الشهري، ٢٠٠٤: ١١٩).

## ٢-١-٢. ئاستی ڕۆنان (Stracture)

بیردۆزەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، لە یەکێک لـە بنچینەکانیدا تیشک دەخاتـە سـەر ئـەوەی کە پەیڕەوێکی زمانیی گشتیی هەیە. لەم پەیڕەوەدا هـەمـوو زمـانـەکـان وەک یـەکـن، هـەر زمانێکیش پـەیـڕەوێـکـی ڕۆنـانـی تایبەتیی خـۆی هـەیـە. ئەم پەیڕەوەی ڕۆنانە زمانەکان لێک جیا دەکاتەوە زمانی کوردییش یەکێکە لەو زمانانەی نێرەر زنجیرەیەک کردە ئەنجام دەدات تاکوو پێکهاتەکانی گوتارێک ڕێک بخرێ. (محەمەدئەمین، ٢٠١٥: ١٧).

زمانی کوردی لە ڕستەی ئاساییدا بە پێی هێزی کارەکان دوو پەیڕەوی هەیە:

بکەر + بەکار + کار

بکەر + کار

کاتێک نـێـرەر گـوتـارەکـەی بـەرهـەم دەهێنێت، پێویستە واتایەک بەدەستەوە بدات، هەواڵدان بێت، یـان داواکــاری، یـان هـەر ئەرکێکی تر کە لەگەڵ دارشتنی گوتارەکەدا بگونجێت. بەرهەمهێنانی گوتار بەکاراکردنی دوو جۆر یاسا بەرهەم دێت: یاسا بەخورتییەکان و یاسا ئارەزوومەندییەکان. سەرەتا بە پێی یاسا بەخورتییەکان بەرهەم دەهێنێت، دوای ئـەوە بە پێی جۆراوجۆریی دەورووبــەر دەتوانێت یاسا ئارەزوومەندییەکان بەکار بهێنێت (المتوكل، ١٩٩٣: ٧١).

ئاستی ڕۆنان گونجاوترین ئاستی زمانە کە بوار بە نێرەر دەدات ستراتیژییەکانی دابڕێژێت، چونکە زانینی ڕۆنانی ڕستە ڕێگە بە نێرەر دەدات کە بە پێی دەوروبەر دووبارە دارشتنەوەیان بۆ بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆرانی مەبەستی قسەکەر. بە گوێرەی گۆڕانی شوێنی کەرەستەکانی ڕستە، ئەم گۆڕانەش بە یاسا ڕێزمانییەکانی ڕستەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو پەیوەستە بە بەشە پێکهێنەرەکانیەوە. پێشخستن و پاشخستنی بەشێک لە پێکهێنەرەکان، دەبێتە هۆی گۆڕان لە واتا، ئەمەش ئەو ستراتیژییەیە کە نێرەر لە ئاستی ڕۆناندا پەیڕەوەی دەکات، بۆ ئەوەی مەبەستی جیاواز و ئامانجی جیاواز بەدەست بهێنێت (جودي، ٢٠١٦: ٨٣). بۆ نموونە:

٢٢. منداڵەکە گوڵدانەکەی شکاند.

٢٣. گوڵدانەکە منداڵەکە شکاندی.

لـە ڕسـتـەی دووەمــدا پێشخستنی بـەرکـار، بۆ ئەوەیە گوڵدانەکە بە لوتکە بکرێت کە ستراتیژیی گۆڕینی شێوەیە.

## ٢-١-٣. ئاستی واتا (Semantic)

ئاستی واتا یان گەیاندنی واتا، هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە: هێز و دەنگ و ئاوازە، لە ئاستی دەنگسازیدا. وشـە و ئیدیەم و زاراوە لە ئاستی

وشەسازیدا. دەستەواژە و ڕستە لە ئاستی ڕستەسازیدا. تێکرا لە زەمینەی واتاسازی و ڕەوتی گوتاردا، سەرجەم ئاستەکان لە داڕشتنی دەربڕینەکاندا بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیام لە ئاستی مەبەستزانیی گوتاردا هەماهەنگی دەکەن. هەموو ئاستەکان واتا بەرهەم دەهێنن، هەر لەم ئاستەشدا گۆڕانی واتا و هۆکارەکانی و پەیوەندییە واتاییەکانی دەربڕینەکان شی دەکرێنەوە (داود، ٢٠٠١: ١٠٧). لەم ئاستەدا واتای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جیا دەکرێنەوە. واتە ئەو مەبەستانەی لە شێوە دەربڕاوەکەی گوتاردا ئاماژەیان پێ نەکراوە، دەبنە لێکەوتەی ئاخاوتن (implicture) و لە ئاستی مەبەستزانی لێک دەدرێنەوە.

### ٢-١-٤ ئاوازە (intonation)

ئاوازە، لە ئاستی دەنگسازیدا فۆنیمێکی ناکەرتییە، هەموو زنجیرە دەنگێکی گۆکراو دەگرێتەوە، دەچێتە ناو پێکهاتەی سەرجەم توخمە گۆکراوەکانەوە و ڕازاندنەوەیەکی مۆسیقاییان پێ دەبەخشێت. ڕۆڵی ئاوازە تەواوکەری ڕۆڵی کەرەستە ناکەرتییەکانی ترە. بە تەواوکاری لەگەڵ هێزدا، ئاخێوەری هەر زمانێک، دەتوانێت بە گۆڕینی ئاوازی ڕستە، ناوەڕۆکی مەبەستەکەی بگۆڕێت و چەمکی جیاجیای پێ ببەخشێت، وەک: ناڕەزایی، تووڕەیی، سەرسوڕمان و... (عەلی، ٢٠١٥: ٩٤). ڕۆڵی ئاوازە لە گوتاری گۆکراودا ڕۆشن دەبێت. نێرەر بۆ دیارکردنی مەبەستەکانی تەنها پەنا بۆ ئاستەکانی فەرهەنگی وشەسازی و ڕۆنان نابات، بەڵکوو پەنا بۆ ئاوازەی دەربڕینەکانی دەبات. لەوانەیە شێوەی یەک گوتار، بە گۆڕینی ئاوازەکەی، چەندین مەبەستی جیاواز بدات. پەیرەوی ئاوازەیی گوتاریش، دوای دروستەی پەیرەوی ڕۆنانی و فەرهەنگی دێت. گۆڕینی ئاوازەی شێوەی گوتار؛ ستراتیژێکی ڕاستەوخۆیە، نێرەر دەتوانێت بە ئاوازەی بەرز، یان ئاوازەی نزم، مەبەستێکی جیاواز لە شێوەی گوتارەکە بەدەستەوە بدات (کمال بشر، ٢٠٠٠: ٥٣٤). بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک:

٢٤. تێگەیشتم.

لە ڕواڵەتدا ڕستەیەکی هەواڵییە، بەڵام بە پێی ئاوازەی ڕستەکە دەکرێت واتای دەمکوتکردنی کەسێک بدات، لە هەمان کاتدا فەرمانێک بێت کە کەسەکە بێدەنگ بێت.

### ٣-١. پێوەری ئامانجی گوتار (Target)

پەیوەندیکردن چالاکییەکی ئاڕاستەکراوی ئامانجدارە (Benoit١٩٩٥: ٦٣). دەتوانرێت یەکێک لە کۆنترین و ڕوونترین ئاماژەکانی ئەم گریمانەیە، لە ڕەوانبێژیی ئەرستۆدا بدۆزرێتەوە. لە سەدەی چوارەمی پێش زاییندا ئەرستۆ سێ جۆری وتاربێژیی لە سەر بنەمای ئامانجی قسەکەر جیا کردەوە. هەریەک لەو سێ جۆرە ڕاستەوخۆ بە ئامانجی قسەکەرەوە بەستراونەتەوە:

ئـ. وتاربێژیی ڕامیاری: لە سەر بنەمای سوود و زیان، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئایا دەبێت سیاسەتێک پەیرەو بکرێت یان نا.

ب. وتاربێژیی دادوەری: بڕیار لە سەر پرسیارەکانی دادپەروەری، یان نادادپەروەری دەدات.

پ. وتاربێژیی بەهاکان، مشتومڕی ئەوە دەکات کە کەسێک شایانی ستایشکردن یان سەرزەنشتکردنە (طالیس، ١٩٧٩: ١٧).

کەواتە هەر گوتارێک ئامانجێکی هەیە، ئەگەرنا لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێتەوە و بەرهەمهێنانی پێویست نییە. ئامانجەکانیش بە پێی ڕەوتی گوتار دەگۆڕێن، لەوانە: گەیاندنی زانیاری، گفتوگۆی

کۆمەڵایەتی و کاتبەسەربردن، بەرزەفتەکردنی (Control) هزری وەرگر، بەجێگەیاندنی کردەیەک، یان گۆڕانکاری لە ڕەفتاری وەرگردا، یان هەر ئامانجێکی تر بێت. بۆیە شیکردنەوەی ئامانجی کردەی پەیوەندیکردن و کارلێککردن، لەبەر ئەم هۆکارانە کارێکی ئاسان نییە:

١- هۆشیاریی تاکەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، بە پێی کارامەیی و بەرزەفتەکردنی ڕووداوەکان دەگۆڕێت.

٢- لەوانەیە ئامانجەکان ناڕوون بن، یان تا ڕادەیەک ورد بن.

٣- لەوانەیە نێرەر هەوڵ بدات لە هەمان کاتدا چەند ئامانجێک بەدەست بهێنێت.

٤- لەوانەیە ئامانجەکان بە چوارچێوەی دیارکراوەوە پەیوەست بن، لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە بەدەست نەهێنرێن.

٥- دەکرێت ئامانجەکان بە ڕێژەیی بەیەکەوە ببەسترێنەوە و بەدوای یەکەوە بێن. درێژخایەن یان کورتخایەن بن و بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕدرێن (Haslett, ١٩٨٧: ١٢٢).

ئامانجی گوتار لە دوو ئاست پێک دێت: سوودگەیاندن و گشتی.

ئاستی سوودگەیاندن: دەکەوێتە دەرەوەی گوتار، ئەو مەبەستە کرادارییەیە کە نێرەر دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، وەک:

- ئامانجی کۆمەڵایەتی: ناوبژیوانیکردنی نێوان نەیارەکان

-ئامانجی فێرکردن: پەرەپێدانی توانای خوێندکاران

- ئامانجی ئابووری: زیادکردنی سەرمایە و پەرەپێدانی

- ئامانجی ڕامیاری: ئاڵوگۆڕی دبلۆماسیی نێوان دوو وڵات...

ئاستی گشتی: لەو کردە زمانییانە بەرجەستە دەبێت کە نێرەر لە کردەی درکاندنی گوتارەکەیدا پیادەیان دەکات، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی لە ئامانجی سوودگەیاندن سەرکەوتوو دەبێت یان نا، چونکە ئاستە گشتییەکە دەبێتە هەنگاوێکی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجی یەکەم (Benoit, ١٩٩٥: ٦٧). ئاستی گشتی دەکەوێتە ناواخنی گوتار، هەموو بونیادە دەنگی و فەرهەنگی و ڕۆنانییەکانی گوتار دەگرێتەوە، ئەمەش وا دەکات ببێتە پێوەرێک بۆ دارشتنی ستراتیژیی گوتار.

### ٣-٢. کاریگەریی ئامانج لە دیارکردنی ستراتیژییەکانی گوتاردا

ئامانج لە گرنگترین توخمەکانی ڕەوتی گوتارە، ڕۆڵێکی ئاراستەکراوی لە هەڵبژاردنی ستراتیژیی گوتاردا هەیە. توخمێکی بنەڕەتییە لە توخمەکانی پێناسەی ستراتیژیدا. ڤان دایک ستراتیژی بەوە پێناسە دەکات کە بریتییە لە: باشترین ڕێگەی کرداری بۆ گەیشتن بە ئامانج (Van dijk & kintcsh, ١٩٨٣: ٦٥). لەبەرئەوەی پاڵنەری درکاندنی گوتارە، بۆیە ئاخێوەران کار بەو ستراتیژییانە دەکەن کە بەرەو ئامانجیان دەبات. لایەنەکانی گوتار لە کاتی کارلێککردندا هەوڵ دەدەن کە بێژەکانیان پەیوەندییان بە ئامانجەکانیانەوە هەبێت، نێرەر هەوڵ دەدات هەموو گوتنەکانی بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجەکەیەوە بێت. وەرگر هەوڵ دەدات لە ئەنجامی دەربڕینەکانی نێرەر ئامانجەکانی مەزندە بکات، چونکە نێرەر زۆر بە دەگمەن ئامانجەکانی بە زار دەدرکێنێت، بەڵکوو هەوڵ دەدات لە ڕێگەی چەند ڕێکارێکی زمانی و توانستی مەبەستزانییەوە وەرگر ڕازی بکات کە لە بەدیهێنانی ئامانجەکەدا بەشدار بێت (Haslett1987:123).

## ئەنجام

لە هەر پەیوەندییەکی نێوان هەردوو لایەنی گوتار (نێرەر و وەرگر)دا، ستراتیژییەک پەیرەو دەکرێت. جۆری ستراتیژییەکە دەوەستێتە سەر ڕەوتی گوتار و پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەن. ستراتیژییەکان جۆراوجۆرن، لەوانە: هاوسۆزی، ئاڕاستەکردن، ڕازیکردن، ئاماژەپێکردن... نێرەر ئازادە کە چ ستراتیژییەک هەڵدەبژێرێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی هەر ستراتیژییەکدا دەبێت ڕەچاوی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و زمانییەکان و ئامانجی گوتار بکات. ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، زمانییەکان و ئامانجی گوتار، دەبنە پێوەر و بەرچاوڕوونی بۆ نێرەر، بۆ ئەوەی ستراتیژێکی گونجاو بۆ گوتارەکەی دیار بکات.

## سەرچاوەکان

کوردی:

- ڕەسووڵ، عەبدوڵا حسێن (٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانیی کوردی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- محەمەدئەمین، یوسف نووری (٢٠٢٢)، ئەرگیۆمێنت لە گوتاری ئایینی ئیسلامدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.
- عەلی، تالیب حسێن (٢٠١٥)، دەنگسازی، چەند بابەتێکی فۆنۆلۆژیی کوردی، چ١. چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- عەساف، هیوا ئەحمەد (٢٠٢٢)، بنەمای پراگماتیکی لە زمانی ڕاگەیاندنی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

عەرەبی:

- ارسطو، طاليس (١٩٧٩)، الخطابة، الترجمة العربية القديمة، ترجمة عبدالرحمن بدوي. وكالة المطبوعات - الكويت. دار القلم - بيروت.
- بشر، كمال (٢٠٠٠)، علم الأصوات، دار غريب للطباعة والنشر و التوزيع - القاهرة.
- بغورة، الزواوي (٢٠٠٠)، مفهوم الخطاب في فلسفة ميشيل فوكو، المجلس الأعلى للثقافة، الهيئة العامة للمطابع الأميرية، قسنطينة.
- جودي، حمدي منصور (٢٠١٦)، اليات بناء الإستراتيجية الخطابية من منظور تداولي، مجلة مخبير اللسانيات و اللغة العربية، العدد السادس، ص ص (٧٧-٩٠)، جامعة محمد خضير - بسكرة.
- خطابي، محمد (١٩٩١)، لسانيات النص. مدخل الى انسجام الخطاب، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت.
- خيون، عبدالأمير حسين (٢٠٢٢)، استراتيجيات خطاب الشر عند الكافرين، رسالة ماجستير.
- داود، محمد محمد (٢٠٠١)، العربية و علم اللغة الحديث، دار الغريب للطباعة والنشر و التوزيع، القاهرة.
- راموس، فرانثيسكو يس (٢٠١٤)، مدخل الى دراسة التداولية، مبدأ التعاون و نظرية الملائمة و التأويل. ترجمة و تقديم يحيى حمداوي. دار نيبور للطباعة والنشر و التوزيع - العراق.
- الشهري، عبدالهادى بن ظافر (٢٠٠٤)، اسراتيجيات الخطاب، مقاربة لغوية تداولية، ط١، دار الكتب الجديد المتحدة - بيروت.
- الشهري، عبدالهادى بن ظافر (٢٠١٥)، اسراتيجيات الخطاب، مقاربة لغوية تداولية، ج١ ج٢، ط٢، دار كنوز المعرفة للنشر و التوزيع - عمان.
- عبدالرحمن، طه (١٩٩٨)، اللسان و الميزان أو التكوثر العلقي. ط١، المركز الثقافي العربي - دار البيضاء.
- المتوكل، احمد (١٩٩٣)، افاق جديدة في نظرية النحو الوظيفي، دار الهلال العربية، ط١، الرباط.
- مطروش، سفيان، (٢٠١٩)، إستراتيجيات الخطاب عند الشيخ الإبراهيمي، رسالة دكتورا، جامعة غرادة، الجزائر.
- الميساوى، خليفة (٢٠٢١)، تحليل المحادثة في ضوء نظرية التأدب، مجلة اللسانيات العربية، العدد ١٣، ص ص (٢٤٢-٢٧٩).

ئینگلیزی:

– Bach & Harnish, Kent. Robert.1979. *linguistic Communication and Speech Acts*. The MIT Press London, England.

- Benoit, William L. 1995. *Accounts, Excuses, and Apologies*. Published by State University of New York Press, Alban.

- Brown & Levinson, Penelope, Stegen. 1987 *Politeness Some universals in language usage*. First published Cambridge University.

- Grice, Paul 1989 studies *in the way of words*, Harvard university London- England

- Haslett, Beth, 1967. *Communication: Strategic Action in Context*, First published by Lawrence Erlbaum Associates, Inc -New York.

- Lakoff, Robin 1973. *The Logic of Politeness; or, Minding Your P's and q's*. papers from ninth regional, Chicago linguistics society.

- Leech, Geoffrey N. 1983. *Principles of Pragmatics*. Longman, London and New York.

- Millis, Sara. 1997. Discourse. First published, London.

- Van Dijk, Teun A. 1997. *Discourse as Social Interaction*. Sage Publications. London. Thousand Oaks. New Delhi.

## ملخص البحث

تناقش هذه الورقة المعايير التي ينبغي على مُرسِل الخطاب مراعاتها عند صياغة استراتيجيات الخطاب. وتتمثل هذه المعايير في ثلاثة معايير رئيسية: المعايير الاجتماعية، والمعايير اللغوية، ومعايار هدف الخطاب. على المستوى الاجتماعي، تُناقش النظريات الجديدة في التواصل الخطابي. وفي هذا الصدد، تناقش آراء غرايس، ولاكوف، وبراون، وليفنسون، وليتش، التي تُحدد حدود العلاقة بين طرفي الخطاب وطريقة تفاعلهما. وتُمثل مبادئ غرايس للتعاون نقطة انطلاق لوجهات نظر الأخرى. وتندرج آراء غرايس اللاحقة في إطار ظاهرة التأدب ومحافظة كرامة المُستقبِل والمُرسِل في التواصل. أما النقطة الثانية فتناقش معايير شكل الخطاب، التي تؤثر على اختيار الاستراتيجية المناسبة للخطاب. وتُوصف مستويات اللغة التي ينبغي على المُرسِل استخدامها كأساس لصياغة استراتيجيته، مثل: مستويات الصرف، التركيب، الدلالة، والصوت، والموسيقى. النقطة الثالثة هي معيار هدف الخطاب، حيث يجب على المرسل أن يكون لديه هدف واضح في خطابه.

Abstract

This paper discusses the criteria that the sender of discourse should consider in formulating discourse strategies. There are three main criteria: social criteria, linguistic criteria, and discourse objective criteria. Whatever strategy the sender chooses, he must take these criteria into account in order for his discourse to achieve .its objectives well

In the first topic, At the social level, new theories of communication and discourse communication are mentioned. The views of Paul Grace, Robin Lakoff, Geoffrey Leach, Penelope Brown, and Stebgen Levinson are discussed, which define the boundaries and manner of relationship between the two sides of the discourse. What unites all views is Grace's principles of cooperation, which are the starting point for other views. Grace's later views are within the framework of the phenomenon of Politeness and protection of the dignity of the receiver and sender in communication. In the second topic, the criteria of discourse form is mentioned, which affects the choice of appropriate strategy for discourse. The language levels that the sender should use as a basis for developing the strategy are described. Such as: levels of vocabulary, meaning, sound and rhythm. The third theme is the criterion of the purpose of the discourse, which the sender must have a clear purpose in his speech, because the purpose has a great impact and strategies are for .the discourse to successfully achieve its goals

Keywords: Discourse, Discourse Strategies, Strategy Criteria, Politeness Principles, .Discourse Goals